



# برپاردان

Ursula Nafula
Vusi Malindi
Agri Afshin
kurdiska (sorani)
nivå 2



گوندەکەی من کێشەی زۆری هەبوو. ئێمە لە ڕیزێکی درێژ ڕادەوەستاین بۆ ئەوەی لە یەك پەمپ ئاو ببەین




ئێمە چاوەڕێی خواردنمان دەکرد کە خەڵکی دیکە دەیاندایێ.




ئێمە زۆر زوو دەرگای ماڵەکانمان لە ترسی دز دادەخست.



زۆرلە منداڵەکان وازیان لە قوتابخانە هێنا




کچە گەنجەکان وەکو خزمەتکار لە گوندەکانی دیکە کاریان دەکرد.




کوڕە گەنجەکان لە دەوری گوندەکە بێکار دەسووڕانەوە، لە کاتێکدا ئەوانی دیکە لەسەر زەوی و زاری خەڵك کاریان دەکرد.



کاتێك با هەڵی دەکرد، پارچە کاغەزەکان بە درا و پەرژینەکانەوە دەنووسان.



خەڵك پێیان بریندار دەبوو بە هۆی ئەو شوشە شکاوانەی کە خەڵک بە کەمتەرخەمی لەسەر ڕیگا و بانەکان فڕێیان دابوون.




ڕۆژێك شێرەی ئاوەكە وشكی كرد و دەبەی ئاوەكان بە بەتاڵی مانەوە.



باوکم ماڵ بە ماڵ دەگەڕا بۆ ئەوەی بە خەڵك بڵێ، بێن لە کۆبوونەوە بەشدار بن.



خەڵك لەژێر دارێکی گەورە کۆ بوونەوە و گوێیان گرت.



باوکم هەستا و گوتی: “ئێمە دەبێ یارمەتی یەکتر بدەین بۆ ئەوەی.” کێشەکانمان چارەسەر بکەین.



جومای هەشت ساڵە کە لەسەر قەدی دارەکە دانیشتبوو، هاواری کرد: “من دەتوانم زبڵەکان کۆ بکەمەوە.”



ژنێك گوتی: “ژنەکان دەتوانن لەگەڵ من بێن بۆ ئەوەی دانەوێڵە بچێنین.”



پیاوێکی دیکە هەستا سەر پێ و گوتی: "پیاوەکان دەتوانن
بیرێك لێ بدەن."



ئێمە هەموومان بە یەك دەنگ هاوارمان کرد: “ئێمە دەبێ ژیانمان بگۆڕین.” لەو ڕۆژەوە ئێمە یارمەتی یەکترمان دا، بۆ ئەوەی کێشەکانمان چارەسەر بکەین.

# Sagor för barn på svenska

berattelser.se

## بڕیاردان

Skriven av: Ursula Nafula
Illustrerad av: Vusi Malindi
Översatt av: Agri Afshin

Denna saga kommer från African Storybook (africanstorybook.org) och vidarebefordras av Sagor för barn på svenska (https://berattelser.se/), som erbjuder sagor på månge språk som talas i Sverige.

Detta verk är licensierat under en Creative Commons
Erkännande 4.0 Internasjonal Lisens.